**بۆ/ دەزگەکانی ڕاگەیاندن**

**بابەت/ هەواڵ**

**لە پێناو هاریکاری و پێشخستنی لاوان و پاشماوەی ئەنفال، ئەمڕۆ ڕێکەوتی 04-07-2007 لە دیوانی وەزارەتی وەرزش و لاوان، پرۆتۆکۆلێک لە نێوان بەڕێزان ((عەدنان محەمەد قادر وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، چنار سەعد عەبدوڵا وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان و تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان)) واژوو کرا، بۆ هەمئاهەنگی لە دانانی پرۆژە، ڕاهێنانی لاوان، پێشخستنی لاوی بەرهەمهێن و پرۆژەی هاوچەرخ لە شێوەی پرۆژەی پارێزراو. هەروەها کاری هاوبەش لەسەر کێشەی یاسایی و دەستوری لاوان و گرنگی زیاتردان بە لاوانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەسانی پاشماوەی ئەنفال و شەهیداندا.**
**ئەوەی شایانی باسە ئەم پرۆتۆکۆڵە بەرهەمی کۆمیتەی هاوبەشی لاوانە کە ((13)) وەزارەت دەگرێتەوە.**
**وەک دەستپێک و هاوئاهەنگی نێوان ئەم سێ وەزارەتە چەند پرۆژەیەک لە ناوچەکانی هەڵەبجە، گەرمیان، باڵەکایەتی، بارزان و بادینان ئەنجام دەدرێت.**

**ڕاگەیاندنی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**